… گەانی خونەر بەشون شتەکاندا محەمەد حیکمەت

چ کتبێك بەر بوون و ماهییەتی بییرکردنەوە و تێگەشتنی من دەکەوێت؟ لەگەڵ پرسیارێکی وادا؛ هەوڵێکی کاك موحسین ئەدیب، بەنموونە "دادگایی کردنی جەلاد، دادگایی کردنی عەدالەت-هەوڵێك بۆ پێناسەکردنەوەی چەمکی عەدالەت لە رۆمانی"شاری مۆسیقارە سپییەکان"دا.
چەن سەرنجێکی ریالیستیی و دادوەرانە، لەگەڵ چەمکی عەدالەت و هەوڵێکی سیزیفییانەی کاك موحسین ئەدیب.
لەنێوان رۆمانی "شاری مۆسیقارە سپییەکان"ی بەختیار عەلیی و کتێبی "دادگایی کردنی جەلاد-دادگایی کردنی عەدالەت، هەوڵێك بۆ پێناسەکردنەوەی چەمکی عەدالەت لە رۆمانی "شاری مۆسیقارە سپییەکان"دا: کە لێکۆڵینەوەیەکە لەسەر هەمان رۆمان، لەنوسیینی کاك موحسین ئەدیبەوەیە.

نامەوێت زۆر و بڕ خوێندنەوە و تێگەشتنێك پێشبخەم، هاوکات نامەوێت لەشەرقەوە بیبەم بۆغەرب؛ ئەوەی هەیە چەن گەانێکە لەنێو پەەکاندا، لەناو دونیایی نوسییندا. زۆرن ئەو کتێبانەی لەناو مەنگەنە چێوەەکاندا دەزێن و خوێنەر وەك دەروێشێك بۆبەش دەبێت لەجۆرێك عیشق کە بۆدونیای سەردەمی خۆی هەیەتی. کتێب زۆرن کەلەسەر بییرەوەریی، یاداشت، لەبەرگرتنەوەی دەقێکی ئۆرجینان نوسراون، بەڵام کەمن بتوانن لەپاڵ دەقە ئۆرجینانەکەدا هەڵگری شوناس و واتاسازییەکی نوێتر بێت؛ بە نموونە چەندێك ئەو لێکۆڵینەوەی دەنوسرێت توانای تێپەاندنی دەقە ئۆرجینان(شاری مۆسیقارە سپییەکان)ەکەی هەیە؟ دەکرێت ئەوەی دەنوسرێت سنورێکی فراوانتر و قوڵاییەکی زیاتر لەدەقە ئۆرجینانەبێوات، کتێبی"دادگایی کردنی جەلاد-دادگایی کردنی عەدالەت، هەوڵێك بۆ پێناسەکردنەوەی چەمکی عەدالەت لەرۆمانی"شاری مۆسیقارە سپییەکان"دا لەنێو ئەو بۆسنوریەدا جێ دەگرێت، بەوەی هەڵگریی خوێندنەوەو ناساندنێکی فراوانتر و قوڵترە بۆ هەندێك "چەمك، واتا، تێز" هاوکات؛ ئەمەش لەگرنگیی دەقە ئۆرجینان(شاری مۆسیقارە سپییەکان)ەکە کەمناکاتەوە.

ئەوەی زیاتر واتایەکی نوێ و ریالیستییانەی هەیە؛ رەفتارە لەگەڵ چەمکی"عەدالەت"دا، بەجۆرێك لەنێوان جەلادێك و مەزڵومێك عەدالەت لەدەقە ئۆرجینان(شاری مۆسیقارە سپییەکان)ەکەدا هەڵگریی رۆحێتی

دادگایی و تۆمەکردنەوەیە، بەمانایەك لەماناکان؛ عەدالەت شکانی غروریی جەلادە بەزەلیلیی! ئەمەش بینینی چەمکەکانە وەك ئەوەی کەهەیە، پرسیار ئەوەیە؛ ئایا ماهیەت و کاری عەدالەت وایە؟ لەمێنتاڵێتی خۆدا؛ "عەدالەت لەوەرگرتنەوەی خوێندا دەبینرا، گەر خۆك کەسکی لەخۆ یان بنەماڵەیك بکوشتایە، یان کەسکیان لەتۆڵە و ماف وەرگرتنەوەدا دەکوشت یان ژنك! کە لەپەراوێزی کێشەکەدایە وەك سوحی خوێن دەدرا بەیەکك لە ئەندامانی ئەو بنەماڵەیەی کە ئەندامکیان کوژراوە." ڕمانوسکی گەورەی وەك بەختیار عەلیی لەگەڵ خودی ئەو چەمکانە هەگریی شوناسێ نوێتر نییە و چەند ڕەخنەی لێو چەمکانەش گرتبێت، هەشتا لە دەرەوەی چەمکەکانەوەیە و نەگەیشتوە بەناوکی چەمکەکان، ئیشکال لەوەدایە ئەدەبیاتی ناوچەکە ئەو چەمکانەی لەو کولتوورەوە وەرگرتووە بێ هیچ دەرگیر بونك لەگەڵ واتاسازیی نوێدا. ڕمانوسکی گەورەی وەك بەختیار عەلیی-ش بەبەش نییە لەم ئیشکالە، بەو پێناسە باوەی هەیەتی خۆی لێ دانەماڵیوە بەتەواوەتیی و تاڕادەیەك لەگەڵی ڕیشتوە. کاك موحسین مەیلکی وای هەیە، بێ پێناسەکرنەوە و ناساندنکی کامڵتر و داماڵینی ئەو جۆرە کولتوورە لەم چەمکانە.

یەکك لەو ڕەخنانەی لە دونیابینیی و فیکر و ئەدەبیاتی "بەختیار عەلیی"دا جگەی تەعەجوب و ڕەخنە لگرتنێ؛ ئەو دونیابینییە باوەیە بێ چەمك و تۆزەکان کە هەیەتی، بەڵام لەم کتێبەی کا موحسین-دا ئەو خوێندنەوە و دونیابینییە تێپەڕدەکرێت، تا ئاستك، عەدالەت لەوەدا نییە، جەلادك وەك ئەوەی بکوژ بووە بکوژرێتەوە، بەجۆرك مومارەسەی تگەشتنکی وادەکات، ڕیشتنە بەناو هەناوی چەمکی عەدالەتدا: بەوەی شوناس و هاوسەنگییە لەگەڵ چەمکی لبوردەیی. ئەستا ئەوەی دەمەوێت لەنوان ڕمانی"شاری مسیقارە سپییەکانی بەختیار عەلیی، کتێبی "دادگاییکردنی جەلاد-دادگایی کردنی عەدالەت"دا کە هەوڵکی کاك موحسین ئەدییبە، بەراوردی بکەم: چەمکی مەرگدستیی و ژیاندستیی و هیومانیزمیی.

لای ڕمانوسکی وەك بەختیار عەلیی ئەو چەمکەی لە خولانەوەدایە، چەمکی عەدالەتە بە ڕەحتی مەرگدستیی و دادگاییەکی تۆەسن، هاوکات کە تگەشتنکە لەگەڵ دەرەوەی چەمکی عەدالەت، وەك چۆن جەلاد هەگریی جەلادبوونە، ئاوەهاش لەبەرامبەر عەدالەتتدا گیردەیە بە کوشتن، لڕەدا عەدالەت سواڵانەوەیە بەدەوری پاراستنی حەقی ئینسانی غەدر لکراو و جەنگاوەرکی تینو بەتۆڵە، ئەمەش دیدکە لە مەجەای مژوودا هاتووە و دادگا و عەدالەت ماتەوزەی لوەردەگرن.

بەڕام لەلای کاك موحسین ڕەیشتنە بەناو تاریکایی و هەناوی چەمکی عەدالەتدا، پرسیاری گەورە لەم هەوڵەی کاك موحسین ئەدییبدا، گەڵانە بەدوای ناوکی عەدالەت، گەڵانە لەگەڵ چەمکی لێبوردەیی وەك ناوکی عەدالەت لەپێوەندییدا بەژیانەوە، بە پێچەوانەی بەختیار عەلیی، عەدالەت لای کاك موحسین ڕەفتارە لەگەڵ ژیاندۆستیی و لێخۆشبون و لێبوردەیی.

ئەم هەوڵەی کاك موحسین دەگات بەجۆرێك ڕۆحانییەت کە هاوتەریبە لەگەڵ ژیان و دونیا دا ، لەبەرئەوە دەبینین مامەڵەکردنێکی ئەهاوا لەگەڵ ڕۆحانییەت و دونیا و ژیان، ناچارە مامەڵە لەگەڵ بۆچونێك بکات، چەندە سەروکاریی لەگەڵ فەلسەفەی مەرگ و مردن هەیە، هێندە لەپێوەندییدایە بەژیان و هیومانیزمەوە کە خۆی لەکاراکتەرێکی وەك "دالای لاما" دەبینێتەوە کە بەدوای ماناکانی ژیانەوەیە، بەردەوام ڕۆی جەنگاوەرێك دەبینێت لەبەرامبەر مردندا لەبەرخود دایە.
ڕوونتر بڵێیت: "دەلای لاما عەدالەت لەکوشتندا نابینێت، کوشتن و مردنێك لەپێناو هاوسەنگکردنەوەی جەلادێك و مەزڵومێك، ئەمەش واتادانە بەپێوەندیی لەگەڵ مردن و مەرگدۆستییدا".
هەمان دیدیش لای بەختیار عەلیی ئامادەیە، هاوکات هیچ پاساوێك بۆ کوشتن نییە.
هەروەك "دەلای لاما" دەڵێت: "دەشێ کوشتنێ سەگێك سیستمی جیهانی سەراوژێر بکات". ئەوەی کاك موحسین کاری لەسەر دەکات؟ ئەم دنیابینیی و تێگەشتنەیە.

گۆشەیەکی دیکە کە جێگای گرنگییە لەم کتێبەدا؛ مامەڵەیەکی تایبەت و فراوانە لەگەڵ چەمکی عەدالەتدا، فراوان بەواتای سەرکێشانی ئەم کتێبە بەلای فەلسەفەی گریکییدا، تایبەتیشە بەوەی تەنها مامەڵەیەکی پەتیی ڕووتی نییە بەلای فەلسەفە و زانستی یاسا، بەڵکو سەرکێشانییەتی بەلای کەسێتییەکی تایبەت و جیهانییدا، ئەویش "دالی لامایە" پێموابێت ئەو دیدەی کاك موحسین دادەبڕێت لەگەڵ ئەو دونیابینییەی بەسەر ڕەمانی شاری مێسیقارە سپییەکانی بەختیار عەلیی-دا هەیە، هەوڵی کاك موحسینە لەگەڵ ڕۆحانییەتی"دەلای لاما"دا.
لەپاڵ ئەم هەوڵەی کاك موحسیندا، فۆرم و واتادانەوەیە بەچەمکی یاسا، یاسایەك دابڕاوە لە بەراوردی ڕوتی جەلادێك گیرۆدەبێت بە مەزڵوم بوون.

یاسا تەنها مامەڵەیەکی فیکریی و عەقڵانی ڕووت نییە، بەڵکو؛ هەگری بەرخودی ڕۆحانییە بۆ لێخۆش بوون، لێبوردن، پەروەردە، سنگ فراوانیی..تاد.

تا ئاستێك یاسا كاری پاراستنی مافی كوشتن نییه، زیاتر سەروكاری لەگەڵ بەرهەمهێنانەوەی بەها و پەروەردە و هیومانیزمی نێوان دوو جەنگاوەرە، جەنگاوەرێك عاشق بەقیینە، لە بەرامبەر جەنگاوەرێك تینوو بە تۆڵە، بەكو ئاشتكردنەوەی ئەم دووجەنگاوەرەیە بەجۆرێك فڕ لێبوردن بكرێن، لەگەڵ پەروەردەدا رام بكرێن.
گەر بەواتا خۆڕەكیی و باوەكەی "یاسا كاری پاراستنی مافی كوشتن بێت" یاسای ستەمكاریی"، لەم هەوڵەی كاك موحسیندا یاسایی پاراستنی مافی ژیانە، بەجۆرێك، یاسا دەرگییرە بە پارستنی شكۆی مرۆیی بوونی مرۆڤ و پاراستی جیهان، ڕۆحانییەتی مرۆڤ، تا ئاستێك یاسا وەك فۆرمێكی نادیار و نەبیندرا و كاری پیرۆزكردنی جیهانی نادیار و شاراوەی مرۆڤ و بونەوەرە، مرۆڤ گەر گەوزابێت لە نێوان تەپوتۆزی دڵەڕاوكێی و جەلادبووندا، ئەوا هێشتا وەك بوونێك نەفی ناكرێت، كاری جەلاد گەر چەپاندن بووبێت، ئەوا كاری مەزڵومێك پێوەندیی كردنی جەلادە بەجوانیی و ڕووناكیی و ژیان و دونیا.

بەپێچەوانەوە یاسا لای بەختیار وەك دەستێكی نادیار، هێندە سەروكاری بە مامەڵە و ڕەفتار هەیە لەگەڵ دەرەوەی مرۆڤ و بوونەوەرەكاندا، هێندە لەپێوەندییدا نییە بە دونیای نادیار و شتە شاراوە و پەنهانەكانی مرۆڤەكان. واتە؛ لەپێوەندییدا نییە بە ڕۆحانییەتی مرۆڤ؟ بەكو لە ڕەفتاری بەختیار عەلیی لەگەڵ واتاكانی مەرگ، زیاتر مەیلێكە بەلای كوشتنی ماهییەت و بوونی مرۆڤ، ئەمەش دەرگییربوونە لەگەڵ ئەو دونیا باوەی لەگەڵ چەمكەكاندا هەیە.
"یەكەمین پێوەندیی مرۆڤ بەیاسا و ڕسا؛ پێوەندیی مرۆڤە بە تەرز و بانگەشە ئاسمانیی و ڕۆحانییەكان، یاسا پێش ئەوەی هەوڵكی عاقلانیی و فیكریی بێت، هەوڵكی میتۆلۆژیی ڕۆحانییە."
بابەتكی گرنگتر و پ بایەخی تری ئەم كتێبە؛ ئەو چەمكی هارمۆنیایە بەنام چ هارمۆنیایەك؟
هارمۆنیایەك سەرلەبەری لە نێوان خولانەوەی كاردانەوە و دژە كاردانەوە، لە پێوەندییدایە (بەو واتایەی لای "بەختیار عەلیی" لە پێوەندییدا بە ڕەمانی ناوبراو ئامادەیە)، هەوڵی كاك موحسین دیسان خەریك بەركەوتنكی نوێ و ژیارییە؛ بێ جۆرێك، هارمۆنیا لە ناو گشتێك و دژەكی تایبەتدا، تەنها لە كاردانەوە و دژە كاردانەوە ناوەستێت، بەكو هەوڵدانە بێ نەرمكردنی پێوەندیی تاك و گشتێك كە ئامادەیە لە پانتایی پێوەندیی تاكەكاندا.

وەك گوتم:" پاراستنی ڕۆحانییەت لە پێوەندییدا بەژیانەوە، بیرهێنانەوەی دید و دونیابینیی "دەلای لاما"یە"

دیسان هارمۆنیا، لەم هەوڵەی کاك موحسین ئەدیبدا؛ بونیادنانی تێکستێکی فراوان و یەکتییەکی فراوانە لەگەڵ مەجازای ئومێد و لێبوردەیی و ژیان و هیومانیزمدا، بە جۆرێك هارمۆنیا لێرەدا هەڵهاتنە لە هارمۆنیایەك کە گیردەی گشتێك بێت لە سەربنەمای چەپاندن و دیسپۆتیزمی مەجالە گشتییەکان بەسەر مەجالە تایبەتییەکاندا خۆی گرتبێت، هارمۆنیا لێرەدا دیدێکی گەشبینە بەوەی شتەگەلێک نابێتە بابەت و لەم شوناسەی هارمۆنیا دا شوێنکی واناگرێت کە دژی ماناکانی ژیان بێت، هاوکات، دەسدرێژیی بۆ سەر واتاکانی ژیان وەك رۆسایەکی گەردوونیی ببینێت، هارمۆنیا لێرەدا قەبڵاندنکە واتا وەك ناوکی ژیان دەبینێت، رەفتار لەگەڵ مردندا بڵاوەتەوە و خودێك لە ناو ئەم هارمۆنیایە دا ڕادەگۆڕێت کە دەپەرژێتە سەر ژیان و دونیا.

هارمۆنیا لەپانتایی ڕەمانی "شاری مەسیقارە سپییەکان" لەلای بەختیار عەلیی، بییرهێنانەوەی ئازار و دەرهاویشتەی مرۆڤی دژهەڵاتییە، واتە هارمۆنیایە کە مرۆڤی ئەمە بەشێوەیەکی غەمگین و داشکاو و مات پیشاندەدات، بە جۆرێك پەیامی بەختیار عەلیی هێندە ڕووی لە ڕۆژئاوایە هێندە ڕووی لە ڕۆژهەڵات نییە! گەر وانەبێت، خۆ مرۆڤی ئێرە ماندوە لەو جۆرە هارمۆنیا و غەمگینییە، چ پێویست دەکات دڵخۆکی ئێهاوا ئاوارتە و پێ ئازار پیشانی بونەوەرگەلێك بدرێت کە لە هەناوی ئەم گۆژەوکەدان، دڵخۆکیان بۆ نوسیتنی لەو شێوەیە خۆشکردبێت، هەم دیسان بۆیتەوە هەمان بلورە و شمشاڵی کۆن کە بۆنی ستوی سوتاوی لێدێت بۆ مرۆڤی ئێرە بژەنیتەوە! ئەی کەی مرۆڤی ئێرە پێبکەنێت؟ بە جۆرێك ئەم هارمۆنیایە شتێکی تازە نییە بۆ مرۆڤی ڕۆژهەڵات؟ مرۆڤی ئێرە دابڵاو نییە لە ئازار و بەرخودی ژینگە و چەپاندنی مەجالە تایبەتییەکان لەلایەن گشتێکەوە کاری لەسەر گشتاندنە، مرۆڤی ئێرە بە سروشتی خۆی، بەدەرگیربوونی لەگەڵ ژینگەی ئێرە، بەو مەجەڵا مۆزوویەی لێرە لە گوزەردایە، مرۆڤکە ئازاری لێ دەتکێت، ئەو ئازارانەی بەختیار عەلیی کەوەك هارمۆنیایەك پیشانی تاکی ئێرەی دەدات، نامۆ نییە بەمرۆڤی ئێرە؟ بەکو ژیان لێرە ژیانکردنکی بەردەوامە لەگەڵ ئەو هارمۆنیا و ئازارانەدا.

هارمۆنیا لەپێوندییدا بەزەمەن و شوێنی مرۆڤی ئێرە کە ئێی باڵ بۆ باڵندەیەك و هەوا بۆ و جود و ئاو بۆ ماسی دەگۆڕێت. هارمۆنیایەك دەخوازێت چەندە لە هەوڵی پیشاندانی مرۆڤی ئێرەیە بە ڕۆژئاوا، بە شێوەیەکی مات و کۆسکەوتو و غەمگین، دەبێت

هارمۆنیایەك بێت بەلای مرۆڤی ئێرەدا، پێبێت لە گەشبینیی و ئومێد و ژیان. بەختیار عەلیی ئەو وێنەی پیشانی ڕۆژئاوا دەدات هەمان وێنەیە کە پیشانی بونەوەری ئێرەی دەدات، هەوڵی کاك موحسین لێرەوەیە، کارکردنە لەسەر ئەم ڕووەی هارمۆنیا بێ مرۆڤی ئێرە، گەر بەختیار عەلیی ئەو کارەی نەکردبێت، ئەوا نائاگا بێت یان بە مەبەست، زەمینەی بێ لە دایك بوونی ئەم هەوڵەی کاك موحسین ئەدیب خۆش کردوە.

بەپێچەوانەوە لەم هەوڵەی کاك موحسین ئەدیبدا؛ هارمۆنیا پەیوەست نییە بە بییرهێنانەوەی ئازار و هارمۆنیایەکی ڕزیو و سواو کەکار لەسەر نۆستالیژیا و سۆزی تاکی ئێمە دەکات و بەردەوام برینەکانی دەکوڵێنێتەوە، هارمۆنیا لێرەدا بییربردنەوەی ئەو ئازارانەیە، بە شێوەیەك بونەوەری ئێرە بپەرژێنێ سەر ژیان، دەستی مرۆڤی ئێمە دەگرێت بێ لەخۆشبون و پاراستنی مانا و واتای ژیان، گەورەترین سزا دروستکردنەوەی جەلادە بێ دەخێکی هاوسەنگی ڕۆحانیی و بەرکەوتنی لەگەڵ ئەو مەجالانەی ڕۆژانە توش بەرکەوتن دەبێت لەگەڵ دونیادا.

هارمۆنیای بەختیار عەلیی لە نێو ئەم هارمۆنیایەدا، کاك موحسین کاری لەسەر کردوە، هارمۆنیای "ئەزمون"ە، چیتر هارمۆنیایەك نییە کاری لەسەر بکرێت، بەکو هارمۆنیایەك گرنگە مرۆڤی ئێرە تێیدا پێبکەنێت و بەشادییەوە ڕوو لە مرۆڤی ئێرە بوەستێت. گرنگییەکی دیکەی ئەم هەوڵەی کاك موحسین ئەدیب لەپێوەندییدا بەهارمۆنیا؛ هەبوونی ویژدانە، ئەگەر بە هارمۆنیای ویژدانیی ناوزەندی بکەم زەر دروستە؟ پەیامی ئەم جۆرە لە هارمۆنیا بەستنەوەی پێوەندیی و دەخ و مەجالەکانە، لەسەر بنەمای نەرمی نواندنێکی گشگیر لە نێوان مەجالەکان(تایبەت، گشیتی). کارەکتەری ناو ئەم هارمۆنیایە لە دەخی کاردانەوە و دژە کاردانەوەدا ڕەنگدێت؛ بەکو وەردەسوڕێت بێ قبوڵکردنی مەجالەکان، جۆرێك لە پەیمانی کۆمەڵایەتیی: پابەندە بە ژیانکردنێکی پلورالیزمانە لەگەڵ تێگەشتن، و مەجالی نەرم، وردە پێوەندیی و جوڵەکردنی مرۆڤ لەکات و شوێنە سۆکراوەکان.

لە پێوەندییدا بە هارمۆنیا، مرۆڤ و بونەوەر لەو هارمۆنیای کە بەختیار عەلیی خەریك بە کۆشانییەتی، مرۆڤێکی پاسیڤ و کشاوەیە، بەردەوام شین دەگێڕێت،عاشق بەگریان و غەمگینییە! دەست لەئەژنۆ تەماشای ڕووداو و شتەکان دەکات، ناتوانێت لە ناو مەدرنەدا وەك بونێکی بەرگریی کار ئامادەبێت.
بەپێچەوانەوە؛ ئەو کاراکتەرەی لە نێو هارمۆنیای کاك موحسیندا ڕەدەگێڕێت، مرۆڤێکی کارایە، بەردەوام لەگەڵ خۆسازییدایە،

بەردەوام لە جۆرە و پێوەندییدایە، هارمۆنیایەکی ڕێشبین-یش نییە، بەردەوام لەگەڵ ئاماژە مرۆییەکانی مەدرنەدا لە گەشبینی و فراوانکردنی مەجال و پێوەندییەکانیدایە.
لە کۆتاییدا ئەم بۆچونەی ئەمە گرنگیی-دانکی زیاترە بە بەختیار عەلیی و هاوارکە لە خوێنەران کەئەم هەوڵەی کاك موحسین بکەن بەسەرەتایەکی گەشبین بۆ خوێندنەوە.

ملیۆن هۆناسەی سەرکووت تارۆ … جەمال سالح

لە ڕۆژانی بیست وهەشت وبیستو نۆی مانگی شەش، لەناشقیەی ویلایەتی تەنسیی، شانۆیی ملیۆنێک هۆناسە کۆلەنووسین ودەرهێنان و نواندنی سەرکووت تارۆ بوو، وەبەهاوبەشی لەگەڵ جەستن پیتەردا تەکستی گۆرانی یەکانیشی نووسی بوو، بەزمانی ئینگلیزی نمایشکرا.
لە خانوی کۆنسایەکی خرئاوای ناشقیە بینیمەوە بە جارکی تر، پاش ماوەیەکی زۆر دابڕان.
شوێنەکە زۆر کۆن بوو، دیوار و زەوی جگەکە گواهی ئەوەی ئەدا کەلە سەدەکانی ڕابردووەوە ئەم خانوە بنیاتنراوە، بەوەی کە کلەسایەکی کۆنیش بوە، نەزانراوە کە چەند یەکشەممە لە سەدەیەکدا نوژی تیاکراوەو چەندەها کەسی تیا تەعمید کراوە«باپتایز کراوە»؟؟ لەوە ئەچە لەکاتی خەیدا کرابێتە جێی پیشاندانی فیلمی سینەمایی ، دە بە پازدە ییەز کورسی تیایە کە هەئەدرێنەوە، لەدوو بەری هەکە بە ڕاەوکی پلیکەدار جیاکراوەتەوە. کە جێی نزیکەی سەدو سی کەسکی تیا ئەبێتەوە، لەبەردەم ییزی یەکەمیشدا بەشایی یەک هەیە لە نزمایی دا، کە نمایشی مۆنۆدراماکەی تیا کرا.
بە ترس لە ترسدا دەستی پێکرد، لەو جێیی کە سەرکووت تارۆ کە کاراکتەری سەرەکیی مۆنۆدراماکە بوو هەموو ڕووداوەکان لەدەوری ئەو ئەخولانەوە، تەدا لەناو ژووری بەندیخانەیەکدا بە ماوەی دە مانگ دەستبەسەر بوو. لەگەڵ کەمەکێک کەسی تر ولە ناشناتیی جیاواز، کە بە کورسی یەک ودو عارەبانەی کەسانی پەداویستی تایبەت ودارشەقەک و گۆچانکی بچووک وێنا ئەکران کە سیمبولی پاشماوەی ئەو شەو کاولکاریانەی پیشان ئەدا کەلەسەدەکانی نۆزدەو بیستدا بەسەر

میللەتی کوردا هاتوون وقوربانی وەرانکاریەکانی مرۆڤ لە جەنگی کۆنایان بە ئەم وولاتە هێناوە و لە کەسیی سەرکەوت خۆیەوە ئەمانبینین. کە دیارترینیان کاراکتەرێکی لاتینی بوو.
ئەمان بە بەهانەی پەناهەندەی نایاسایی لە ئەمریکا بوون، و سەرکەوتیش کە سەر بووەکانی عێراق هەژمارکراوە، بە بەهانەی تیرۆریست دەستبەسەرە.
لە گۆڕانەوەکانی کاراکتەر ئەمانگۆڕتنەوە بە زەدی خۆی کە کەرکووکە، و لەو دەرگا شوومەی کە چاوەڕێی هەواڵێکی خۆشی لە ئەکات، کە جگە لە هەواڵی لابەلا بەولاوە هیچی تری لە نایەتە ژوورەوە، ئەمانبات ئەودەرگایەی کە هەموو ڕۆژی ماچی ئەکرد لەکاتی خۆندکاریی لە کەرکووک، کە هەمیشە بەختی باشی بە ئەهێنا وبە پلەی باش دەرئەچوو.
ئەیبردینەوە بە ژوورە ڕەشپۆشکەی دایکی جەرگسووتاوی کە سێ کوڕی شەهیدو یەکێکی تری لە غوربەت هەنسکی چاوپڕکەوتنەوەی هەڵئەکێشە، کە ناتوانێ جارێکی تر بیبینێتەوەو باوەشی گەرمی پیا بکات، بەوئاواتە ناگات.
لە ژوری زیندانەوە هەمان ئەگرێت و ئەمانبات ماڵە چۆڵکەی خۆی کە هاوسەرێ تاقەبااڵکەی و سەگە بەوەفاکەی-ڕۆژانی بە ئەمیی تەنیا باڵیی بەسەرئەبەن، کە دوو نەگبەتیی تر زۆفەریان پێ ئەبات، لەلایەک ڕۆژ وون ئەبێت و ئەوی تریان کەوتن وقاچ شکانی هاوسەرکەیەتی.
پرسیارێکی کلاسیکی دەربارەی تەماتبارکردنی ئەم وەک تێرڕەستە لە بینەر ئەکات کە بڕەوووی بگییرانی ئەکاتەوە بە ناڕاستەوخۆیی!!
لە ترس بترازێ، ئەم لەخەم هەڵکشراوە، خەمی خۆیکی بەناهەق گیراوە، خەمکی ووڵاتی کەت وبەندکراو بە چەند ڕۆهەندکی خۆتێنەر لە حیزب وئایین، کەهەردوک دوو دیوی دراوکن. خاکێکی دابەشکراو بەسەرچوار ژمارەی یەک لەیەک قەبتردا.
بە ڕوانینە کارە میلەدراماکانی سەرکەوت تاردا بەت دەرئەکەوێ کە نواندن لەخوێنیایە، وکوردایەتیش لە دی ئێن ئەی دا.
ئەکسسوارکانی کەبوو بوونە دیکەر ، وموزیک ووونا کی وا ئاوێتەی یەک بوو بوون، کەلەگەڵ هەموو جوڵەیەکی کاراکتەرەکەدا بینەری ڕاپەچی ئەو کەش وهەوایە ئەکرد کە لەو ساتەدا تیا ئەژیا، زیندان، ماڵەوە، دەرەوە، بەردەرگا، کەرکووک و هی تریش.
لەکەتایيدا پێ بەدەم هاوار ئەکات وئەپرسێ:

بۆچی ئەم کەشانە یەک بەدوای یەکداو ڕۆژانە ڕووما ن تە ئەکات؟؟ کە تێکەایان شێکیان کردووم!!

ئایا من بوونەوەرێکم وەک مرۆڤ؟ یان نازیندووم؟ بەرد؟ ئەگەر بەردم، ئەستا کاتی تەقینەوەولێک شەق بوون وهاوارێ لێدەست بەریەککەوتنێ ئەزلیەکان!!
بەڵام لەکاتی گیرانمدا لەقوڵایی گرتووخانەکەدا هەرگیزهەستم نەکردوو کەمرۆڤم. ئەی گەردەلوولی کەشکان، هەردەم شەمکردوو لەگەڵت، لەدووتوێی نووسینێ ئەدەبیەکانمەوە، وە دەزینەوەم بە نەهامەتیەکان وکەشەی دنیایەکی تر.
ئەستا کاتی ئەوە هاتوە کە ئەقڵ ئەوژیانە ڕەتکاتەوە کەتەنها هەز و سیاسەتی بەگژن کەنتڕۆڵی ئەکات.
ئەستا کاتی خۆی قۆمە تا باوەش بکەم بەدایکمدا کەلەوانیێ دنیایەکی زیاترئاشتی یانەی جیاواز لەم ژیانە بێت.
دایکێ؛ بە نەتهەشت لەبری ئەوە بمرم، بۆچی؟.. چونکە من ڕقم لەکوشتنی بەشەرە، هەموو بوونەوەرەکان یان هەرشتە لەسەر ئەم زەوی یە، چونکە ناتوانم سنوورە دەستکردەکان بشکێنم، وە ناشتوانم لە ناو قووڵایی هیواکانم و تواناکانمدا لەناوەندی ئەم دنیایەدا نامبەم.
ئەگەر سنوور ودەرگا داخراوەکان بمێنن بە هەتا هەتا، دەکەواتە لەمگەڵن با بنووم، لەمگەڵن با خۆمکی قووڵیی هەتا هەتایی بکەم.
سەرکەوت تارە بە ملیۆنە هەناسە خەیمان پێ دەناسێنێ، کە لەچەندەها هەوە تەکشکاندنی یەوە، هەشتا هەر ئەو درەختە بە پەل وپۆیە یە کە پیرەمەرد ئاسا ئەڵێ: پەڵی بەرد بە پەلی بەرزەو لەقڵش بە سەر پەلی بەردار.
هەرچەندە ماوەی نمایشکردنی میلە دراماکە تەنها دوو ڕۆژ بوو، بەڵام ئەگەر بوار بەخسایە ودەستی بگیرایە، هەق وا بوو زیاتر بکرایە، بە ئەوەی خەڵکی زیاتر هەڵی بینینیان بۆ بەخسایە.
لە ناخی دڵەوە پیرۆزبایی لە کاک سەرکەوت تارە ئەکەم، هیوای ئەوپەڕی سەرکەوتنی بۆ ئەخوازم.

دیوە شارەکەی پشت کوشتنی

جێگری کونسوڵی تورکیا چیە ! … شوانێ حەسەن ئیبوبەکر

ئاگەر شیکردنەوەیەکی سیاسیانە بۆ ئەم هێرشە بکرێت تەدگەین کە هەر دەست درێژیەک بۆ سەر بارزانی دیبلۆماتکار و کارمەندانی کونسوڵخانەکان هەرشێیە بۆ سەر بارزانی و هاکانی خەڵکی کوردستان، بەڵام ناشکرێت سەرکایەتی هەرێم و حکومەت هێندێ زوو تەنگەتاوبن و پێش هێواوەکە بکەون قەندیل تەماتبارێکن.

ئاگەر سەرنجبدەین لەم هێواوەدا دوو گریمانە هەیە!!

یەکەم : یان لەڕێگەی سەندنەوەی شاهیدانی ئاو چەند ڕۆژی پێش ئێستا (هەڤاڵ دیار غەریب) و (هەڤاڵ سەرحەد قارتە)ی سەر بە پەکەکەیە ، (ئاگەر pkk لەپشتی بن ئاوا بکەرانی ئەم هێواوە نەجاتیان نابێت لە شاقامێکی بەکامەرا چاودێریکراو سەرەڕای بونی هێزێکی ئەمنی تەکمە لەوشارێ.
دووەم : یان سیناریۆی تورکیایە بۆ شەرعیەتدان بەپشێلکاری و بڕزاندنی سەروەری خاکی عێراق تا زیاتر سنورکانی هەرێمی کوردستان ببڕزێنێت و بەمبارانی قەندیل بکات و سەرکردەکانی puk بکاتە ئامانج، لاو حاڵەتدا بکەرانی ئەم هێواوە نادڕزێنێو و دێڕە بۆ دەرخانێ دەکرێت.

ڕۆژانە سەدان هاوڵاتی کورد شاهید دەکرێن لە بناری کورتکی سەر بەقەزای پشدەر و برادەست و چەندین ناوچەی سنوری تر وەهرۆها هێواوەکە دونێ ئاوگەنجی لەتورکیا ئاڵای کوردستانی هەڵدا جگە لەمانەش دیارترینیشیان بەردومانکەی ئەمشەوی کەمپی مەخمور بوو بەدەست تورکی فاشست کەچی یان باسناکرێت یان گرنگی ئاوتیان پێنادرێت لەمیدیاکانمان، ئەمش جۆگەی داخێ
تورکیا دەبێت لاو تێبگات تەنها چارەسەری دەخی ئەمنی و ئاشتەوایی تورکیا و باکوری کوردستان ، پێوەستێ بەچارەسەر کردن کێشەی جوهەریێکانی کورد!!

بەردەوام بونی ئەردەغان لەسەر ئەمجارە سیاسەتکردنێ حیاتی سیاسی بارەو نەمان دەبات.
بەم هەکارانەش زیاتر هێندەبێتاوە کە گەلەی ئەردەغان بارەو لاڕی دەستی پێکردوە!

یەکەم : ئەمریکا بەهەی کێنی سستەمی ئێس ٤٠٠ لەوڵاتی ڕوسیا سزای بەسەردا سەپاندوە .

دووەم : وڵاتانی ئەورووپا خەریکی میحوەربەندین لە دژی تورکیا و هاوەای سەپاندنی سزان بەسەریدا .

سێهەم : کۆشەی ناوخەییەکانی حزبەکەی ئاکپارتی و سەرکردەکانی بەرەو پەرتەوازەی بردوون.

چوارەم :کۆشەی درێژخایەن و نەگەیشتن بە ئەنجام لەگەڵ کوردانی باکور سوپای تورکیای هیلاک کردوە.

پێجنەم :دڵەانەی گەورەکەی هەڵبژاردنی شارەوانیەکان.

شەشەم:کۆشەی گولەنیەکانی بەهەواسراوی ماوەتەوە و خەیان بە دەرفەتێک مەسداوە.

ڕۆژنامەنووس : شوانە حەسەن ئەبوبەکر

خلیسکانی تورکیا بۆ نێو زەلکاوی یاسای (کاتسا)ی ئەمریکا … عیماد عەلی

یاسای (کاتسا)ی ئەمریکا لە ساڵی 2017 لە دژی کوریای باکوور و ئێران و روسیا دایرشت، ئەم یاسایەش کە بە یاسای دژە نەیار و دوژمنەکانی ئەمریکا و بەکورتکراوی (کاتسا) ناسراوە، چەندین برگەی قورسی تێدایە و مامەڵەی ئەمریکا لەگەڵ ئەو وڵاتانە دیاریدەکات کە بە نەیا یان دوژمن ناوبروان و سەرەتای جێبەجێکردنی یاساکە بە سەپاندنی سزای ئابووری و سەربازی دەست پێدەکات و بە جۆرەها ڕێگەی دژایەتی قورسی تێدایە کە بە کوشتنی سارد یان لە سەرخێی دوژمن یان نەیار ناودەبرێت.

تورکیا بە تەواوکردنی بڕندی کێنی موشەکی ئێس 400ی روسی، خێی

خسته لیستی ئەو وڵاتانەی کە ئەو یاسایە دەیانگرێتەوە. ئەردوگان گرەوی لەسەر قسەکەی ترامپ دەکرد کە وتبووی؛ تورکیا ناچاربووە لەو ڕەفتارانەی و هیچ چارەسەرێکی نەدۆزیوەتەوە جگە لە پەنابردن بێ روسیا، پاش ئەوەی ئەمریکا لە زەمانی باراك ئۆباما موشەکی پاتریۆتی پێنەفڕشتوون، بەڵام مەزەندی گرەوی ئەردۆگان شکستپێهێناو لەم ڕۆژانەدا و پاش گەیشتنی موشەکە ڕوسیەکەی ڕوسیا بێ تورکیا، ترامپ نەیتوانی تورکیا لەو یاسایە بپارێزێت و، بەوشێوەیەش توریکا خۆی لە چەقی سزاکاندا دەبینێتەوە، بۆیە ئێستا ئەردۆگان قاچی لە قوڕەخسەتەکە گیریبەستووە و نازانێت ڕوو لەکوێ بکات؛ لەگەڵ ڕوسیا بمێنێتەوە و تەواو لەو زەلکاوەی بەدەستی خۆی دروستیکرد نغرۆ بێت یان پەشیمان بێتەوە و ئەمەش نەك هەر قورسە بەکو ئەستەمە و تا ڕادەی مەحاڵیشە، لەبەر ئەوە هەر هەنگاوێك بۆ پێشەوە یان پاشەوە هەر زەرەری گەورەی خۆی تێدایە، بۆیە ملهوری و نەرجسیەت و زوڵم هەر ئەمەی لێدەکەوێتەوە و لەمەودوا دەردەکەوێت کە گوریسەکەی ئەردۆگان چەن کەوتۆتە لێژی و ناتوانێت پییرابگات و بیگرێتەوە.

دونیا و بە کوشتنی جێگری قونسڵگەری وبەو شێوە ئاوازە و بەدەستی نادیار و بە شێوەیەکی بوونە و هەگری هەزار ئەگەر سەرەتای قورسبونی سیاسەتی دەرەوەی ئایندەی بۆ تورکیا دەرخست و دەبێت چاوەڕێی هەنگاوگەلێکی ئەوتۆ بکات کە بۆ ماوەی زیاتر لە شەست ساڵە بەخێیەوە نەیبینوە و بە ئارامی و ئاسودەیی ژیاوە وکۆمە بەنازەکەی ناتۆبووە و لە زەر بەربەست و تەگەرە پارێزراوە. ئەمرۆش دەبێت چاوەڕێ کردەوەی قورس و خلیسکانی زیاتر بێت، بۆیە هەڵکی زێرینە کە هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی تورکیا و بە تایبەتی کورد هەنگاوە ڕاستو دروستەکانی خۆیان دراسەت بکەن پێش ئەوەی ڕەفتار بکەن و بە وردی مامەڵە لەگەڵ پێشهات و ئایندەی ئاوازی تورکیادا بکەن و دەتوانن زەرترین قازانج لە هەڵە گەورەکانی ئەردۆگان بەدەست بێنن.

تا ئەردۆگان لەم ڕەفتارانە و کەلەڕەقی و ملهوریەی خۆی بەردەوام بێت ئەوەندە هەلی زیاتر دەخاتە بەردەست کورد کە کەڵکەکانی لەبەرچاو بگرن و لە هاوکێشە نوێکان بەکاری بێنن. ئەوەی جێگەی دڵخۆشیە هەوڵەکانی تورکیا لە خۆپاراستنی بێ ئەوەی نەکەوێتە لیستی ئەو وڵاتانەی بە نەیاری ئەمریکا دەناسرێن و خۆی لەو یاسایە بپارێزێت شکستپێهێناو، ئاواتی لەسەر ئەوە هەچنیبو کە یاسای کاتسا لە 2017 ئیمزا کراوە و تورکیا بێندی کرێنی موشەکی ئیس 400ی لە 2016 ئیمزا کردووە، بەو ئەگەرەی یاساکە نایگرێتەوە و بەرپرسەکانیشی لەو هەوڵەدا بوون ئەو کەلێنە بقۆزنەوە، بەڵام

لەمەدا سەرکەوتو نەبوون، بەپرسانی ئەمریکا جەختیان لەوە کردەوە کە ئەو یاسایە تورکیاش دەگۆتەوە و لەمەودوا دەردانەکانی زۆرتر دەبن و ئەگەر وەکو ئێران و کۆریای باکووری پێشتر مامەڵەی لەگەڵدا نەکرێت ئەوا زۆر باشتر نابێت.

پرسی کورد ..لە ناوچە کۆنەکان دا .. ئەحمەد کامەران

کورد هەمیشە لە ناوچە کۆنەکان دا بوونەتە سووتەمەنیەکی هەڵسەر دەستی هەردوو حکومەتی هەرێم و ناوەند, هەرکاتێك ئەم دوو حکومەتە کێشەیان هەبێت بەتایبەتی هەندێ کێشەی تایبەتی واتە هەڵك نەکەوتن لەسەر کەمەڵك بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان , ڕاستەوخۆ ناوچە کۆنەلەسەرەکان و کورد لەو ناوچانەدا باجی پەرژەوەندیەکانی هەردولا دەدەن, هەروەها کورد لەو ناوچانەدا بە تایبەتی دوای ڕووداوەکانی 16 ئۆکتۆبەرەوە زۆرترین ڕووداوی ناخۆشیان ڕووبەرو دەبێتەوە کە ڕووداوەکان هاوشێوەی ڕووداوەکانی سەردەمی ڕژێمی بەعسە,وەك سووتانی دەغل و دانی کوردان و تەعریب کردن و لەگەڵ چەندین کاری تر کە لەرامبەر کوردانی ئەزیزی ئەو ئەو ناوچانە ئەنجام دەدرێت,هەروەها تەك چوونی بارودۆخی ئەمنی ئەو ناوچانەش , کە هەر لەم ماوەیەی ڕابردوودا تەقینەوەیەکی خۆکوژی ڕوویدا لە خانەقین کە چەندین قوربانی لێکەوتەوە, کە ئەمەش بەداخەوە ناخ هەژێنە
بەڵام لێرەدا پێویستە بێ هیوا نەبین لەسەر پرسی کورد لەو ناوچانەدا بە تایبەتی کە لە ئێستادا کابینەی نێیەمی حکومەت پێك هێنراو لەلایەن بەڕێز مەسرور بارزانی وە هەروەها هەڵبژاردنی نێچیرڤان بارزانی وەکو سەرۆکی هەرێم کە هیواخوازین کورد پێ بنێتە قۆناغێکی گەورەوە هەروەها پێویستە ئەم دوو کەسایەتیە ڕاڵی کاریگەر ببینن لە پرسی کوردا لە ناوچە کێشە لەسەرەکاندا بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنەکانی تردا لە نێویشیاندا یەکێتی نیشتمانی کوردستان کە دەنگیکی گەورەی هەیە لەو ناوچانەدا بەتایبەتی (کەرکوك) کە بەقودسی کوردستان ناسراوە , بەڵام بێ کورد تاوە کو ئێستا وەکو دڵزەخ وایە.

لەکۆتایشدا پێویستە ئەوە بڵێم ئەگەر ئەمجارە لایەنە کوردیەکان بە تایبەتی پارتی و یەکێتی دەنگێکی یەکگورتویان نەبێت وە هەورەها خەمی ڕاستەقینەیەیان نەبێت لەو ناوچانەدا ئەوا ئەو ناوچانە بێ کورد کۆتایی دێت.

لە شاعیری تورك (ڕوشتو ئونور)ەوە ... و: نەژاد عزیز سورمێ

(1)

پوختە

کێ دەمرم دایێ
تەنیا ئێو تەایەتییەت بێ دەمێنێتەوێ ..
لێ بری قەرز ،
قەساب چاکەتەکەم دەبا
بۆقاڵ باتەکەم ..
بڵام
چی لێ دوای من ڕوودەدا
لێ چیرۆکانی دەداری
لێ قەسیدەکانم ..
ئەی تێ
چۆن بێ تەنیا
ڕووبڕووی ڕۆژت دەبیێوێ ؟
چۆن تەماشای
سیمای خاك دەکەی ؟
بێ کورتی دایێ
هیچ سامانێکم ،
لێ ئەمبارکاندا نییێ و
هیچ ژنێکیش لێ ماڵوێ ..

بە ڕووتی هەناوتە دونیا و
بە ڕووتیش دەڕۆم .

(2)

بەختیاری
من ئازاردەر نیم
من ،
وەکو هەنگم لە شانە و
وەك مەل لە هەڵلانێدا
بە ئیشوکاری خەمەوە سەرقاڵم و
لەژێر شەپقەی خەمدا دەژیم
خەندەم ،
کە هیچ بیانوویەکی نییە
لە خۆشیان ،
بەڕۆوبانداندا دە و دەچە ..
ئەم شەتییەش ،
تا دەگاتە ئۆپەڕەی شەتایەتی
لە ناخمەوە دە ..
من لاە نیم تا بەدەنگ بم
وەنەی مردووان
لەم دونیایە جوانەدا .

(3)

نەستالیژیا

دەبە بزانی
شارە خۆشەویستەکەم
من بە خەون ژیام
وەختی خەوتنی کرێکاران
هاەمەنیکەم
لە شەقام لە دەدا ..
تە بە منی
شارە خۆشەویستەکەم
وەك دەست و چاوەکانم
شارە خۆشەویستەکەم
ئێستا ،
هەموو شتەك ئامادەیە

بۆچت بۆم
کۆشتی ئامادەیە
چارەگۆکان بۆ تەی کردنی دۆریا
کراونەتەوە ..
بۆنام بۆچی
مردوو یەخەم بۆرنادەن ؟

(*) ۆشتو ئونور : شاعیری تورك (1929 ـ 1942) ماوەیەك مامۆستا و ماوەیەکی دیکە فەرمانبەر بووە لە کانگەکانی خەوز، وەك دەبینین بەگەنجی کۆچی دوایی کردووە ، قەسیدەکانی لە زۆربەی ئەنتۆلۆژیاکانی شیعری تورکیدا هاتووە و بەهەند وەرگیراون.
بڕوانە سایتی گۆڤاری (کیکا) :
http://www.kikahmagazine.com/?p=4952

و: نەژاد عزیز سورمە

شۆپۆل … شیعر: اردلان سرفراز … وەرگۆڕانی : پشکۆ ناکام

„„„„„„

شیعر: اردلان سرفراز
ئاواز: فرید زولاند
گۆرانی :داریوش اقبالی

وەرگۆڕانی : پشکۆ ناکام
„„„„„„

من ئۆو شۆپۆلەم
ئارام ناگرم……
بۆ ئاسانی
سەری سازش نالۆقنم
هەردەم لۆ هات و چۆ

لە یەک شوێن ناحەوێمەوە
بێ قەرارم .....
من ، یانی سەفەر
و
چاونەترسی من
هەردەم ڕۆشتن
و
هەرگیز نەوەستانن
هەزاران کەنار بینین
و
نەبینین
بێ پرسیارێ بێ وەڵامەکان
گەیشتن

من لە تەوری دەریا
لە نەوەکانی کانیاوی
وەک لافاووم
ئازاد تر لە ئازادی
خانوی بێ خانووم

کەنار دەریا ماڵی من نیە
کەتایی کاری من نیە
هاودەرد و یاری من نیە
کەس کە یاری من نەبێ
لە چاوەڕوانی من نیە

دەنگی زیندو بوون لە هاوارما
بەڵام خامۆشم
بەسەر کەنارا
کە دونیا لە بیری ئەمیا نیە
بێ مەرگیش
لە ماڵەوێ شوێنک نیە

ڕۆا نیە
گەر بێ خامۆشی دانیشم
دە لە دەریا دەرهێنان
کاری ئەمە نیە

من لە تەوری دەریا
لە نەوەکانی کانیاوی
وەک لافاووم
ئازاد تر لە ئازادی
خانوی بە خانووم

،،،،،،،،،

17/7/2019

.……

باڵدارێکی غەدر لێکراو باڵ فڕێ دەکا … شوان شەفیق

قیژە قیژی نەورەسەکان
گوێیان پڕکرد لە نزا
لەنجەولاری گۆڕاکان
چاویان پڕ کرد لە ئاو
ماندوو بوون چڵەکەکان
دەرناکەوێ هەتاو
تەماشاکە!
لە دەرچێیەکەوە
ئاواز لە هەناسە قەتیسبووەکانەوە دەژنرێ
نایبیستن کەترێ گمەگمکەرەکان.

خەندەیەک لە مەزەخانەدا هەڵگیراوە
ڕۆژگارێک کە تیایدا دەگرین با هەڵیگرین!
لە دەروازە بە خەتەکی ڕەشی قەترانی نووسراوە
بە چوونە ژوورەوە بلیتی عەشق پێویستە!
چ تاریکە!
خەمگین، خەمگین
دەگرین، دەگرین
تروسکایی تیادا نابینرێ ژیان،

چۆن پێبکەنینەوە وەک سەرەتا؟
پەرژان دەمانخاتە ژان.

گریان پیشەی ژنانە
هەنسک هەڵکێشان کاری شەوانە
لەشاو لەشاوی فرمێسک سەدەی نوێ دەشواتەوە،
کێشەی خەتە چەند ماندووی
ژیان بە کام ڕەگای بردووی
کرێی خەمگینیت لە وەردەگیرێ
موحیبەت چی بەسەرهات؟
دەتەوێ خاترتبگرێ!

باڵندەکان لەترسیاندا نییە
هاوڕێی مرۆڤەکان ناکەن
پەپوولەکان لە ناسکیاندا نییە
لەسەر گوڵەکان دانیشنەوە
تاک و تەرا باڵندەیەک لەسەر دەستی مرۆڤ
مەحکووم کراوە بە زیندانی خاوەندارێتی،
بە بەشکراوە لە ئازادی
کوا بە کوێ گەشتی کردووە شادی؟

هەنج دەدەی
لە باخچەدا پیاسە بکەی
گوێیش بگۆنیکردووە
ئەوەندە غەدری لێکراوە
چ ئیستاتیکایەکە!
ڕەچوون بە درزەکانی
پەنجە قەیشاوەکاندا.

زیەزیەی نەبوونی نان
شیەشیەی نەبوونی سەز
لاف و گەزاف و پەز
ئەی ماسک پەش!
بە ئەسپەن خەمان بشێن؟
بە وشکبوونەوە دەچینە بەر با
گڤگڤی با
بەرگی حەقیقەت لا دەبا.

شوان شەفیق

شەوەک ... نەوزاد بەندی

شەوەک
باران
دەستم ئەگرێ و ..
ئەمبا لەگەڵ خۆی ..

ناهەڵێ
دوو کراسی دەقکراو
لەگەڵ خۆم ببەم
ناهەڵێ گەرەویێکەم
لێ پێ بکەم ..
تەنانەت
ناهەڵێ
خواحافیزیی
لێ هیچ کەس بکەم ..
ئەڵێ خەراکێ ،
بێ وا خاو ئەڵێی ؟!!

ئێ تێیش
لێ گەرمەی خەوای ..
دەرگا و
پەنجەرەی ژوورەکەت ،
کەم دراون ..
ناتوانم بتبینم ..
خەمم بێ نەخەی ..!

Nawazad
BANDY

گـورگ و بـرخـ سـپی … گـ ینـی : محـمـد بـرزی

منداڵ ژیرکان : جارێکیان لەناو لەوەگایەکی گوڕەی پڕ لە سەوز گیادا ، بەرخێکی خرپنی سپی زڕ پچکۆلانە لە گەڵ دانە مەکدا دڵەوەان . بەڵام بەرخەکە بە دەم خواردنەوە وردە وردە ملی بە پشەوە نا و بە تەواوی لە شوان و مەکان دوور کەوتەوە و بە بە ترس بە دوای گیای تەڕ و تازەدا دەگەڕا . پاش ماوەیەک پەڕە گیایەکی دەزیەوە و لە خۆشیاندا بە هەر چوار پڵ سەمایدەکرد ، بەڵام نەیدەزانی زڕ لە دانە مەکە و شوانەکەی دوور کەوتەتەوە و ئاگاداری ئەوش نەبوو ، کە گورگێکی چاوبز لە پەنای پیرە دارێکی گەورەدا خەی بە ماتداوە .

ساتێک بەرخەکە هەستی بەوەکرد ، کە زڕ لە مەکان دوور کەوتەتەوە ، بەیاریدا بگەڕێتەوە بە لایان . بەڵام کاتێک گورگە برسییە فێبازەکەی بینی ، کە خەی شاردبەوە بەی ، زڕ شپرزە بوو ، لە ترساندا هەموو گیانی کەوتە لەرزین . جا چونکە گورگەکەی زڕ لەوەی نزیکبوو ، نەیدەتوانی ڕابکات و خەی لە دەستی رزگار بکات .
بەرخەکە بە دەنگێکی پڕ لە گریانەوە بە گورگەکەی وت : (ئەوە تە دەتەوێت بم خەیت ؟) … گورگەکەش بە دەموچاوێکی ترش و تاڕەوە وڵامی دایەوە و وتی : (بەڵێ بە خواردنی تە هاتووم ، ئەی گوایە بەچی هاتووم) .
بەرخەکە سەرلەنوێ بە گورگەکەی وت : (من ئەمە لە بیانییەوە گیا دەخەم ، ئێستا هەموو گەدەم پڕ پە بووە لە گیا ، جا تکایە تەزێک لەسەرم ڕابوەستە ، تا گیاکە هەرسدەکەم ؟ . چونکە ئەگەر ئێستا من بخەیت هەر وەک ئەوە وایە گیا بخەیت و تامی گشتە ناسکە خۆشەکەم ناکەیت و تەنها تامی گیا دەکەیت ، جا وا باشترە تەزێک لەسەرم ڕاوەبوەستیت) .
گورگەکە بەوپەڕی خۆشییەوە سەری ڕەزامەندی بە لەقاند و وتی : (دەزانم تە لە پێش منەوە لەریت و منیش هیچ کێشەیەکم نییە و دەتوانم کاتێکی زڕ لەسەرت ڕابوەستم) . بەرخەکەش زڕ سوپاسیکرد .
پاش ماوەیەک گورگەکە تاقەتی نەما و ویستی لە پڕ پڵامارێ بەرخەکە

بدات و بیخوات . بەڵام بڕخەکە ، کە بەمەی زانی گورج گورگەکەی وەستاند و وتی : (گورگی ئازیز : تکایە تۆزکی کەش لەسەرم ئابووستە ، چونکە هەشتا گیاکە لە ناو گەدەمدا بە تەواوی هەرس نەبووە ، جا تکایە ڕێگام بدە تۆزێک هەڵپەم ، تا زووتر گیاکە هەرس بکەم) . ئەمجارەش گورگەکە بەمە ڕازی بوو . ئنجا بڕخەکە کەوتە هەڵپەین و بە هەر چوارپەل سەمایدەکرد ، بەڵام لە ناکاو لە خەیاڵ وەستا .
گورگەکە سەری سوڕما ، بەیە وتی : (ئەوە بۆ وەستایت ؟ ، دەی تا دەتوانی خێراتر هەڵپەڕە ، تا زووتر گیاکە هەرس بکەیت) .. بڕخەکەش لە وەڵامدا وتی : (ئەوی ڕاستی بێت ، چونکە هەڵپەینەکەم مەسیقای لێگەدا نییە ، ئەوا ناتوانم بە خێرایی و بە دڵی خۆم هەڵپەم . جا تکایە وەرە ئەم زەنگانەیە لە ملم بکەرەوە و زەر بە قایم ڕایبوشنێ ، ئەو کاتە منیش بە دەنگ و ئاوازی زەنگەکە خێراتر سەما دەکەم و زووتریش گیاکە هەرسدەکەم) .
گورگەکەش چونکە خواخوای بوو زوو بڕخە سپییە ناسکەکە بە بن کیشە بخوات بەمە ڕازی بوو ، بەیە بە ئەسپایی لە بڕخەکە هاتە پێشەوە و زەنگەکەی لە ملی کردەوە و زەر بە قایم ڕایوشاند … لەو لاشەوە شوانەکە دەگەڕا بە دوای بڕخەکەدا . جا چونکە دەنگی زەنگەکە زەر بەرز بوو ، شوانەکە گوێی لە دەنگەکەی بوو . بە خێی و گەچانەکەیەوە بەرەو دەنگەکە چوو ، پاش چەند هەنگاوێک گورگ و بڕخەکەی پێکەوە بینی و بە گەچانەکەیەوە زەر بە گوە ڕایکرد بە گورگەکە ، گورگەکەش ، کە گەچانی شوانەکەی بینی زەر ترسا و هەتا توانی ڕایکرد و دوورکەوتەوە ، بڕخە سپییە جوانەکەش بەخێی ڕزگاری بوو .
جا منداڵە ئازیزەکان : ئەم چیرۆکە ئەوەمان فێردەکات ، هەز تەنها مەرجی سەرکەوتن نییە ، بەڵکو بیرکردنەوەی ژیرانەش دەتوانێت بەسەر هەزی زەر گەورەدا سەربکەوێت .

٢٠١٧ / ١٠ / ١٨

تێبینی : ئەم چیرۆکە بە دەستکاریەکی کەمەوە لە ئینگلیزیەوە کراوە بە کوردی ، بەڵام ناوی نووسەری لەسەر نییە .